


## هونەرمەند حەمە جەزا بۆ گوڵان:

# رەنگە کەناڵەکانمان لەبەر

***هونەرمەند حەمە جەزا یەکێکە لەو هونەرمەندە ناسراوانەی کە بەشێکی زۆری ژیانی لە ناو خەباتی پێشمەرگایەتی و خزمەتکردنی بواری هونەردا گوزەراندووە بە سروود و گۆرانییەکانی توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بکات، لە گۆرانییەکانیدا هەست بە عەشقێکی پاك و بێگەرد دەکرێت لە سروودەکانیشیدا تینوویەتی ئەو بۆ رزگاری و ئازادی بە چاکی بەرچاوە، هونەرمەند حەمە جەزا بەر لە ماوەیەك دووچاری نەخۆشییەك بووەوە و بۆ چارەسەر کردن رووی لە دەرەوەی وڵات کرد و ماوەیەك بەر لە ئێستا گەڕایەوە کوردستان، بۆیە بە پێویستمان زانی سەردانی بکەین و لە تەندروستی بپرسین، لە هەمان کاتدا دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز بکەین .***

*** ماوەیەك لەمەو بەر تووشی بارێکی تەندروستی نالەبار بوویت، دەمانەوێت بزانین ئەو نەخۆشییە چۆن بووە ئێستا باری تەندروستیت چۆنە؟**

- یاخوا کەس چاوەڕێی ئەوە نەکات کەوا توشی تەندروستی نالەباربێت بێگومان ئینسان توشی هەموو گیروکرفت و نەخۆشییەك دەبێت لە ژیاندا ئەویش هەروەکو ژیانی گرتن و لێدان و ناڕەحەتی، من ماوەی دووساڵ دەبێت پەنکریاسم تەواو نەبووە بەڵام لەبەر ئەوەی ئازارم نەبووە هەستم بە هیچ شتێك نەدەکرد، بەڵا دوو مانگ پێش ئێستا لە حەوشەی ماڵی خۆمدا خەریکی باخەکەم بووم مێروولەیەك دای بەپشتی ملمەوە و ئازارێکی زۆریدام لە ئەنجامی ئەوەش بێهۆش بووم وبردمیان بۆ نەخۆشخانە لەوێ دکتۆرەکان چاودێرییەکی باشیان کردم و چارەسەریان بۆ کردم پاشان لە ئەنجامی پشکنینی سۆنەر و تیشك دەرکەوت کە من جگەرم ئاوساوە و بۆ چارەسەرکردن گەڕامەوە بۆ دانیمارك تا لەوێ بتوانم زیاتر گرنگی بەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکە بدەم لەوێ دکتۆرەکان دوای ئەوەی ئەنجامی چارەسەرکردنی کوردستانیان بینی پیشبینی ئەوەیان دەکرد نەخۆشییەکەی من شێرپەنجە بێت تا ئەنجامی ئەو زەرعەی بۆیان کردم نەگەڕایەوە هیچیان پێنەوتم لەبارەی نەخۆشییەکە، پاشان نەشتەرگەرییەکەیان بۆ ئەنجامدام و فلتەرێکیان بۆ دانام تاکو رۆڵی پەنکریاس ببینێ، ئیتر بەرە بەرە بەرەو چاك بونەوە دەچووم دوای هەفتەیەك لە دانانی ئەو فلتەرە باری تەندروستیم زۆر باش بوو وە ئیتر دکتۆر ئەوەی پێ راگەیاندم کە پێبکەنم، چونکە ئەو نەخۆشییە نییە کە ئەوان پێشبینییان دەکرد بەڵکو نەخۆشییەکی زۆر ئاساییە و بەزووترین کات چارەسەر دەکرێت و پێویستی بە هیچ حەب و دەرمانێك نییە تەنها پارێز نەبێت ئێستاش ماوەی سێ مانگی تریان بۆ داناوم کە بچمەوە سەردانیان بکەم لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی ئەو برا ئازیز و هاوڕێیانە بکەم کە چ بە تەلەفۆن یان ئەوانەی هاتوونەتە ماڵەوە لە هەواڵیان پرسیووم لە سلێمانی و هەولێر و لە ناوچەکانی تری کوردستان سوپاسی ئەو ئازیزانە دەکەم لە ئەوروپاوە بە لێشاو سەردانیان کردووم، هەروەها زۆر سوپاسی برای بەڕێزم د.نەوزادی مەحمود دارتاش دەکەم کە زۆر هیلاك بوو لەگەڵم.

*** با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی کاری هونەریت بزانین چی تۆی لەگەڵ هونەری گۆرانی بەم شێوەیە نزیك کردەوە؟**

-هەر لەمناڵییەوە کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم ئەو بەهرەیەم تیا

# گەنجەکان ئێمەیان لەبیر نەمابێت

بوو ئەو کاتە مامۆستاکانم مامۆستا ئەحمەد هەردی شاعیر و مامۆستا مستەفا عبدولرەحمان مامۆستا (نەزەرە فەنی ) ئەم سێ مامۆستایە هانیان دەدام بۆ ئەوەی زیاتر کاری هونەری بکەم ئیتر لە هەموو چالاکییەکانی قوتابخانەکان ساڵانە بەشداریم دەکرد تا ساڵانی شەستەکان دوای ئەوەی چەند تیپێکی مۆسیقی درووست بوون وەکو تیپی هونەر و وێژەی کوردی ئەوکاتە مامۆستا شەوکەت ڕەشید بەرەحمەت بێت سەرپەرشتی دەکرد من لەو تیپەدا وەك ئەندامێك وەرگیرام لەگەڵ هونەرمەند عوسمان عەلی بە ڕەحمەت بێت و هونەرمەند حەسەن گەرمیانی و حەمەی نێرگز و سەلاح مجید کۆمەڵێك لەو برادەرانەی کە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەرییان بوو، من تا ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ئەو تیپەدا کارم دەکرد و چەند بەرهەمێکی جوانمان پێشکەش دەکرد لە تەلەفزیۆنی کەرکوك و چەند ئاهەنگێکمان ساز کرد لە شاری سلێمانی دوای ئەوەی من چوومە هەولێر لەوێش پەیوەندیم کردەوە بە تیپی هونەر و وێژەی کورد لقی هەولێر لەگەڵ چەند برادەرێکمان دەستمان بەکاری هونەری کرد لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێرو کۆمەڵێك هونەرمەندی تازە پێگەیشتووی ئەو کاتە کە هاتنە ئاراوە، لە کۆیە مامۆستا وریا ئەحمەد لەگەڵ مامۆستا سەردار و لە بەغدا لە پەیمانگای دیراساتی نەغەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەکو ڕزگار خۆشناو و ڕنجبەر حەسەن و سەید ئەحمەد هاتنە هەولێر و کەوتینە کار، من ساڵی ١٩٧٤ بووم بە پێشمەرگە بەشداری شۆڕشی ئەیلوولم کرد لە ساڵی ١٩٧٥ هاتمە شاری هەولێر و لەوێ دامەزرام لە فەرمانگەی وەزارەتی کشتوکاڵ ئیتر من چەند جارێك لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیرکرام لەسەر گۆرانی و سروود و کاری سیاسی لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر و سلێمانی و دائیرەی ئەمنی عامەی بەغدا و دوای ئەوەش هەیئەی تەحقیقی کەرکوك کە ماوەیەکی زۆر لەوێ مامەوە، بە هەرحاڵ خۆش بەختانە هەرچۆنێك بوو ڕزگارم دەبوو و بەڵگەیەکی وام لەسەر نەبوو تەنها کاسێتێکی ساڵی ١٩٧٤ کە دەربارەی (بارزانی نەمر) و شەهید لەیلا قاسم بوو تۆمارم کردبوو هەموو کاتێك ئەم کاسێتەیان وەکو بەڵگە بۆ لێدەدام هەر لەسەر ئەوەش هەموو کاتێك دەستگیر دەکرام ماوەی یەك ساڵیش ڕێگایان نەدا بە هیچ شێوەیەك گۆرانی بڵێم. ئەو ساڵە حەمە جەزا زیاتر خۆشەویست بوو لای جەماوەرەکەی بەهەر حاڵ لە ساڵی ١٩٨٠ داوایان لێکردم گۆرانی بۆ قادسییە بلێم ئەوەی من شاهید بم لەسەری تەنها من تاهیر تۆفیق گۆرانیمان بۆ بەعس نەوت و وتم من وەعدم داوە ئیدی گۆرانی و سروودی سیاسی نەڵێم ئەگەر گۆرانی میللیتان دەوێت من دەیڵێم پێیان وتم سەردانی دائیرەی ئەمن بکە، منیش لەجیاتی سەردانی دائیرەی ئەمن بکەم پەیوەندیم بە ریزەکانی شۆڕشەوە کرد و بووم بە پێشمەرگە لەوێش بەهەمان شێوە بەردەوام بووم لە کار و خەباتی هونەری کۆمەڵێك سروود و بەرهەمی جوانمان پێشکەش کرد .

*** هونەرمەند (حەمە جەزا) لە ساڵانی پێش ڕاپەڕین گڕو تینێکی خەباتگێڕانەی بەردەوامی دەبەخشییە نەتەوەکەی بە سروودە نیشتمانییەکانی، ئەی ئێستا چ پەیامێك وبەرنامەیەك تان هەیە؟**

- من تا ئێستاش هەر بەردەوامم، بەڵام ئەڵێی چی بەداخەوە تەلەفزیۆنەکانمان کەناڵەکانمان لەبەر ئەو گەنجانەی ئێستا ڕەنگە هەر بیری ئێمەیان نەمابێت زیاتر بایەخ بەگەنجەکان دەدەن کە من زۆریشم پێ خۆشە ئەو هونەرمەندە گەنجانە بێنە پێشەوە دەورو کاریگەری خۆیان هەبێت لەسەر هونەری کوردی، بەڵام بە مەرجێك هونەری ڕەسەنی کوردی بێت، من هەندێك گۆرانی و کلیپ دەبینم لەتەلەفزیۆنەکاندا ئەگەر بێیتە سەر واقع هیچ پەیوەندییەکی بە گۆرانی کوردییەوە نییە، یان تورکییە یان فارسییە یان عەرەبییە هێنراوە کراوە بە کوردی و شیعرەکانیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە وکەس تێی ناگات، بۆیە هیوادارم کەگەنجەکانمان زیاتر بیر لەوە بکەنەوە کە هونەری ڕەسەنی کوردی پێش بخەن.



*** چۆن پێناسەی سروود دەکەیت؟ ئایا ئێستاش پێویستمان بەسروود هەیەو پێت وایە سروود کات و زەمەنی خۆی هەبێت؟**

- هەموکاتێك میللەتانی دنیا بە میللەتی کوردیشەوە پێویستییان بە سروود هەیە بەتایبەتی ئەوانەی شۆرشیان کردووە و پێشەنگی خەباتکردنیان هەیە، بە سروود دەستیان بە خەبات کردووە سروودیش بۆتە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشەکانیان، چونکە سروود دەبێتە مایەی ئیلهام بەخشین بە میللەت و هاندانیان بۆ شۆڕش و خەبات.

*** هونەرمەند چۆن دەتوانی هونەرەکەی بە زیندوویی بهێڵێتەوە؟**

- هونەرمەند دەبێ بەگوێرەی زەمەن و ڕۆژگاری خۆی کارەکانی هەڵبژێرێت، تۆ کاتێك کە گۆرانییەك یان سروودێك هەڵدەبژێریت دەبێ تەواو ڕەچاوی شیعرەکەی بکەیت وە بزانیت تا چ ئاستێك خەڵك گوێبیستی دەبێت و سەرنجی ڕادەکێشێت و هەندێك جار ئاوازیش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر مانەوەی

●●●

**زۆرم پێخۆشە ئەو هونەرمەندە گەنجانە بێنە پێشەوە دەورو کاریگەری خۆیان هەبێت لەسەر هونەری کوردی، بەڵام بە مەرجێک هونەری ڕەسەنی کوردی بێت**

●●●

●●●

**هەندێک گۆرانی و کلیپ دەبینم لەتەلەفزیۆنەکاندا ئەگەر بێیتە سەر واقع هیچ پەیوەندییەکی بە گۆرانی کوردییەوە نییە، یان تورکییە یان فارسییە یان عەرەبییە**

●●●

دیمانە: سۆران مارف کەریم
Soran_marf1980@yahoo.com

هونەرو گۆرانی چونکە هەندی ئاوازی ڕەسەن هەیە قەت نامرێت و کۆن نابێت.

*** پێت وانییە نەوەی ئێستا هونەرمەندە ڕەسەنەکانی لەیاد کردبێت و کەم تەرخەم بن بەرامبەر بەو هونەرمەندانەی لە کاتێکی زوو و ڕۆژانێکی سەخت خزمەت بە هونەری کوردی دەکەن؟**

- بەداخەوە کە دەڵێم هونەرمەندانی تازە پێگەیشتوو شانازییان پێوە دەکەم، بەڵام دەبێ بیر لە ڕابردوو بکەنەوە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد ڕەنگە کەناڵەکانمان لەبەر هونەرمەندە گەنجەکان هەر بیری ئێمەیان نەما بێت.

*** را و بۆچونتان چییە دەربارەی ئێستای مۆزیك و گۆرانی کوردی؟**

- بە بیرو بۆچوونی خۆم مۆسیقای کوردی لە ئاستێکی زۆر باشدایە هەرچەندە هەندێك لە گۆرانیبێژە گەنجەکان شێوازی ستایلی تورکییان گرتۆتە بەر ئەمەش کارێکی خراپە و خزمەت بە هونەری کوردی ناکات، پێویستە گەنجەکان بێنەوە سەر شێوازە فولکلۆرییە ڕەسەنەکەی خۆمان .

*** کێ بەرپرسە لە دروستبوونی ئەم بارودۆخە؟**



- من ڕاستەخۆ ناتوانم بڵێم فلانە کەس بەرپرسە، بەڵام پێم وایە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئەوانەی بەر پرسن لە کەناڵەکان، حەق وایە ئەوان گوڵبژێری کارەکان بکەن و کۆمەڵێك کەسی شارەزا لە بوارەکەدا دیاری بکەن، تاقی کردنەوەی کارە هونەرییەکان بکەن بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە تازە پێدەگەن یان پەیمانگای باشیان بۆ بکرێتەوە و پێیان بگەیەنن .

*** لە بواری میلۆدی و ستایل و ئاواز چ جیاوازییەك دەبینی لە نێوان هونەرمەندە ڕەسەنەکان و هونەرمەندانی ئێستا؟**

- هونەرمەندە ڕەسەنەکان بە پەنجەی دەست دەژمێرێن وە کارەکانیان دیارە و ئەزانرێت چیيان کردووە، ئەگەر سەیری کارەکانیان بکەیت شێوازی کوردی پێوە دیارەو هیچ شێوازێکی بێگانەی پێوە دیار نییە، بەڵام هونەرمەندانی ئێستا بە داخەوە.

*** ئێستا ئێوە وەکو هونەرمەندە ڕەسەنەکان چۆن ئەتوانن هونەری ڕەسەنی کوردی پێش بخەن و گۆرانکاری ئەنجام بدەن؟**

- بە ڕاستی من زۆر دڵخۆشم کە دوو بەرنامە دەبینم کەوا دوای تاقی کردنەوەی چەند جارێك بە بەهرەدانی کوردستان پێیان دەڵێن تو ئەتوانی خزمەتی هونەری کوردی بکەیت و لە ئایندەدا ئەتوانی ببیتە گۆرانیبێژ ئەمەش پێم وایە هەوڵێکی تازەیە بۆ پێشخستنی هونەری ڕەسەنی کوردی حەز دەکەم ئەوانەی دەچن بە پارە کلیپ دەکەن بەشداری ئەم بەرنامانە بکەن بزانن تا چەند سەرکەوتوو دەبن و دەنگیان تا چ ڕادەیەك بۆ گۆرانی گوتن دەگونجێ و لە چ ئاستێکدایە و تا چەند دەتوانن لەگەڵ مۆسیقا گۆرانی بڵێن .

*** تۆ تا چەند بە پێویستی دەزانیت هونەرمەند شارەزایی تەواوی لە بواری مەقام دا هەبێت؟**

- ئێمە کویرانە کەوتینە ناوی دنیای هونەری گۆرانییەوە، بەڵام حەقی وایە هەموو گۆرانیبێژێك لەم گەنجانەی ئێستا شارەزایی تەواویان هەبێت لە نۆتە و نۆتە بزانن، هەروەها پێویستە شارەزای مۆسیقا بن، چونکە چەند مۆسیقی بن زیاتر دەزانن ئەدا بکەن و لە نەشازی دووردەکەونەوە، پێویستە هەموو گۆرانیبێژێك شارەزای بواری مەقام بێت، چونکە کورد خاوەنی کۆمەڵێ مەقامی زۆرەو هەموو مەقامێك دەستپێکردن و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە وەهەموو گۆرانیبێژێك دەتوانێت لە مەقام شارەزا بێت ئەگەر بە وردی و بەشێوەیەکی بەردەوام گوێ لە گۆرانی ڕەسەنی کوردی بگرێت.

*** لە خانەوادەی ئێوە چەند هونەرمەندێکی تیا هەڵکەوتووە تۆ تا چەند کاریگەریت هەبووە لەسەریان تا لە دنیای هونەردا خۆیان ببیننەوە؟**

- بێگومان کاریگەری هەبووە بۆ نموونە ئەژدەر وەهبی زۆر لەگەڵ خۆمدا دەمبرد بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان هەستم دەکرد زۆر دەنگی خۆشە و زۆر تەقلیدی منی دەکردەوە مەریوانی خوشکە زام هەر دەنگی خۆشە بەرهەم حەسەن هەر دەنگی خۆشە کە خوشکە زامە و میران دانا ئەحمەد و عەتا ئەحمەد و زانا ئەوانیش لە بنەماڵەی ئێمە دەنگیان خۆشەو خزمەتی هونەر دەکەن

*** ئەو پەرۆشییەی خەڵکی کوردستان بۆ تۆ لە کاتی نەخۆشییەکەدا چی لا درووست کردی؟**

- نازانم بە چ وشەیەك خۆشەویستی خۆم بۆیان دەربېرم و باس لە گەورەیی خەڵکی کوردستان و ئەو جەماوەرە خۆشەویستەم بکەم، بەڵێنیان پێدەدەم بەردەوام بم لە خزمەت هونەری کوردیدا.

*** ئێستا چ پرۆژەیەکی هونەری نوێتان لەبەر دەستە؟**

-من ئێستا سەرقاڵی تۆمار کردنی دووو بەرهەمی نوێم کە بەرهەمێکیان لەگەڵ مامۆستا عادل ئەنجامم داوە کە ئاوازێکە و نزیکەی (٣٥) دەقیقە دەبێت بریتییە لە چەند مەقامێك و لە تەواو بووندایە وە سیدییەکی تریشم ئامادە کردووە کە بریتی یە لە (٥) مەقامی جۆراوجۆر لە هەموو جۆرە مەقامە کوردییەکان بەناوی (گەردەلوولی سپی) بڵاوی دەکەمەوە کە شیعرێکە کاتی خۆی ماموستای بەرێز ماموستا لەتیف هەڵمەت بۆ مامۆستا هەردی ووتوە و گۆرانییەکی تری ئەم بەرهەمە لە شیعری بەرێز د.شێرکۆ عبدوڵلایە کە باسی دوو سەد ساڵەی سلێمانی دەکات، شیعرێکی تریان هی مامۆستا شێرکۆ بێکەسە شیعری یەکێك لە گۆرانییەکان خۆم ئامادەم کردووە بەناوی پێشێنانمان، مژدە بە گوێگرانی هونەری ڕەسەنی کوردی دەدەم بەم زووانە بڵاوی دەکەمەوە.

**پێویستە هەموو گۆرانیبێژێک شارەزای بواری مەقام بێت، چونکە کورد خاوەنی کۆمەڵێ مەقامی زۆرە**

**هونەرمەندە ڕەسەنەکان بە پەنجەی دەست دەژمێرێن وە کارەکانیان دیارە و ئەزانرێت چییان کردووە، ئەگەر سەیری کارەکانیان بکەیت شێوازی کوردی پێوە دیارە**

# ئایا هۆلیۆد ئۆباما دەگەیەنێتە کۆشکی سپی



زۆر لە شارەزایانی بواری سیاسەت لە ئەمریکا و ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرەکانی ئەمریکا سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی بارك ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ هۆلیۆد دەگەڕێننەوە کە چەندین فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی پێشکەش کردووە تێیدا ئەمریکییەکی بە ڕەچەڵەك ئەفریقی ڕۆڵی سەرکردە دەبینێت.

بەر لەوەی کەس ناوی ئۆباماش ببیستێت لە ڕێگای فیلمەکانی هۆلیۆدەوە چەندین کەسی ڕەش پێستی هێناوەتە کۆشکی سپی وەك سامی دیڤیس جۆنیۆر لە فیلمی کۆمیدی ( ڕۆڤۆس جۆنز فۆر پریزدنت) لە ساڵی ١٩٣٣ و مۆرگان فریمان لە فیلمی (دیپ ئیمپاکت) لە ساڵی ١٩٩٨،پسپۆرانی بواری ڕۆشنبیری میللی لە ئەمریکا دەڵێن بینینی ڕۆڵی سەرۆك لە لایەن ڕەش پێستەکان لە فیلم و زنجیرەکان و سەرکەوتنیان تێیدا، وای کردووە کە ببن بە خاوەن جەماوەرێکی زۆر بە جۆرێك ئەمریکییەکان پێیان ئاساییە کە سیناتۆرێکی ڕەش پێست لە ویلایەتی ئەلینۆی باکوور بێتە سەر کورسی حوکم لە کۆشکی سپی.

جۆن ماتفیکۆی کە دانەری کتێبێکی تایبەتە دەربارەی پێگەی سەرۆکەکانی ئەمریکا لە لایەنی جەماوەرێتی سەرۆکەکانەوە دەڵێ:ڕادەی جەماوەرێتی باراك ئۆباما و خۆشویستنی لە لایەن گەنجەکانەوە، بەشێکی زۆری بۆ سەرکەوتنی ئەکتەرە ڕەش پێستەکان دەگەڕێتەوە لە بینینی ڕۆڵی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکاندا بەجۆرێك وای لێهاتووە کە بوونی ڕەش پێستێك وەك سەرۆکی ئەمریکا هیچ گرفتێك نییە بۆ ئەمریکییەکان

یەکەم فیلم کە ڕەش پێستێك ڕۆڵی سەرۆکی ئەمریکای تێدا بینیبێت فیلمی (پیاوەکە –The Man ) بوو کە لە ساڵی ١٩٧٢ بەرهەمهێنرا و تێیدا جیمس ئیرل جۆنز وێنەیەکی گرنگی یەکەم سەرۆکی ڕەش پێستی بینی لەسەر شاشەی سینەما، دواتریش لە چەندین فیلم و زنجیرەدا ئەمە دووبارە کرایەوە.

دینیس هایسبرتی ڕەش پێست کە بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕۆڵی سەرۆکی بینی لە زنجیرەی (٢٤) پێی وایە کە ئەم ڕۆڵانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕای گشتی ئەمریکا هەبووە، هەروەها دەربارەی ڕۆڵی خۆی دەڵێ: شێوازی بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکە و چۆنیەتی نووسینی سیناریۆکەی چاوی جەماوەری ئەمریکی کردەوە لەسەر ڕاستییەك ئەویش ئەوەیە کە بوونی سەرۆکێکی ڕەش پێست لە ئەمریکا کارێکی زۆر زەحمەت و ئاڵۆز نییە و زۆریش ئاساییە ئەگەر ڕوویدات،بەڵام تۆد بۆید کە مامۆستای زانکۆی باکووری کالیفۆرنیایە لە لۆس ئەنجلۆس و پسپۆرە لە کێشە و گرفتی ڕەش پێستەکان لە سینەمای ئەمریکیدا بیروڕای تا ڕادەیەك پێچەوانەی هایسبرتە و دەڵێ:

من زۆر بە گومانم لەوەی کە ڕۆڵی جیمس ئیرل و مۆرگان فریمان و دینیس هایسبرت یەکێك بن لەو هۆکارانەی کە ببنە هۆی ئەوەی باراك ئۆباما ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، تەنانەت ئەمانە هیچ پەیوەندییان بە هەڵبژاردنی ئۆباماوە نییە.

سەرەڕای ئەمەش تۆد گوتی: لەوانەیە ئەم فیلم و زنجیرانە ببنە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵك بە بێ ویستی خۆیان یان بۆ ماوەیەکی کاتی پێیان ئاسایی بێت کە ڕەش پێستێك ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، بەڵام ڕەنگە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نەبێت و ئەم بیرۆکەیەیان پێ قبوڵ نەبێت،هەروەها ڕۆبێرت تۆمسۆن مامۆستا لە زانکۆی سیراکۆز لە ویلایەتی نیۆیۆرك و شارەزا لە کاروباری جەماوەرێتی سەرۆکەکانی ئەمریکا دەڵێ: ڕادەی جەماوەرێتی ئۆباما و خۆشویستنی لە لایەن جەماوەرەوە لە ئەنجامی بەهێزی کەسایەتی خۆیەتی و ڕەگ و ریشەی بۆ ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەری ڕابردوو دەگەڕێتەوە کاتێك بزوتنەوەی ڕەش پێستەکان لە قۆناغی چالاکیدا بوو، بۆیە سەرکەوتنی ئۆباما بە کارتێکردنی ڕۆڵی مۆرگان یان دینیس هایسبرت کارێکە لە گرنگی و بەهای بزوتنەوەی پارێزگاری کردن لە مافە مەدەنییەکان کەم دەکاتەو، هەروەها کاریگەرییەکی خراپ دەکاتەسەر کەسایەتی بەهێزی ئۆباما کە پێی ناسراوە لە نێوان ڕەش پێستەکان و سپی پێستەکانی ئەمریکا.

بەهەر حاڵ ئەگەر ئۆباما بە سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا لەوانەیە لەبەر کاریگەری هۆلیۆد و ستۆدیۆکانییەوە بێت، چونکە بەشێك لە هونەرمەندە ناودارە ڕەش پێستەکان پشتگیری خۆیان بۆ ئۆباما نیشاندا کاتێك لە ململانێدا بوو لەگەڵ هیلاری کلنتۆن، ئەمەش هەرچۆنێك بێت کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر جەماوەر، چونکە ئەم هونەرمەندانە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن بە بێ جیاوازی و ئەگەر ئەم هونەرمەندانە پشتگیری هەر کەسێك بکەن ئەوا جەماوەرەکەش دەنگ بەو کەسە دەدەن کە ئەو هونەرمەندەی لە لای ئەوان خۆشەویستە دەنگیان پێ دەدات.



## هۆزان دەروێش:

# بەرهەمی ئەم جارەم گۆڕانکاری زۆری تێدا بەدی دەکرێت

***✿ لە رۆژئاوای کوردســتانەوە بۆ ئەوەی بەئازادی و سەربەستی بژیت رووی لە باشــووری ئازاد کرد، لێرەش بەدەنگە چیایی و رەسەنەکەی چەندین بەرهەمی هونەری رەسەنی پێشکەش کرد لە گۆڕانی و لاوك و سروودی نیشتمانی و توانی بوونی خۆی وەك ئافرەتێکی بەتوانا لەبواری گۆرانی و موزیکدا بسەلمێنێت، بەم دواییەش توانی بەرهەمێکی نوێ بەناوی(ژدل) پێشــکەش بکات کە لەژمارەیەك گۆڕانی نوێی جۆراو جۆر پێك هاتووە، لەدیمانەیەکدا هۆزان دەروێشی گۆرانیبێژ دڵی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان کردەوە.✿***

**• وەکــو ئاگاداربووین لەم بەرهەمەتدا گرفتــی بڵاوکردنەوەت هەبوو، دەتوانین بزانین کێشەکە لەچییەوە دەستی پێکرد؟**

- دوای تەواوبوونی بەرهەمەکەم کە لەساڵی ٢٠٠٦وە کارم لەسەر کردبوو لەگەڵ کەناڵی Vin TV بەشــێوەیەکی نارەسمی قسەمان لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەوان کاری بڵاوکردنەوەکە بگرنە ئەســتۆ، بەڵام دیار بوو ئەوان وەکو پێویست بایەخیان بە کارەکە نەدا، بۆیە دواتر بەشــێوەیەکی رەســمی لەگەڵ کۆمپانیای کۆرەك موزیك قسەمان کرد، ئیتر ئەوان کاری دیزاین و بڵاوکردنەوەیان گرتە ئەستۆی خۆیان.

**• باشە ئەگەر کۆرەك موزیك نەبوایە، بەرهەمەکەت بڵاودەبووەوە؟**

-ناڵێــم بڵاونەدەبۆوە، بەڵام دیســان کارەکە قورســتر دەبوو، مەبەســتم ئەوەیە ناخۆشــییەك دروست دەبوو ئایا دتوانین لەگەڵ کۆمپانیایەکی تر تەنسیق بکەین، ئایا کۆمپانیاکــە دەیتوانی کارەکە بەســەرکەوتوویی ئەنجام بــدات بۆیە دەڵێم بڵاودەبۆوە بەڵام ئاستەنگی دەبوون.

**• تاچەند هاوکاریت کراوە لەم کارە و لەکارەکانی رابردووت؟**

- بۆ هاوکارییەکان، بەڕاستی وانەبووە کە تۆ دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمێك بتوانی کار لەسەر بەرهەمێکی تر بکەی ئەمەش بەڕاستی رەنگە نەچێتە قالبی هاوکاریکردنەوە، بۆتەواوکردنی ئەم بەرهەمەشــم ئۆتۆمبیلی ماڵەوەم فرۆشتووە تاوەکو کارەکانم تەواو کردووە.

**• کەمتــر دەرکەوتنت چ وەکو دابەزینی بەرهــەم چ وەکو چاوپێکەوتنی هونەری لەکەناڵەکانی راگەیاندن هۆکاری چییە؟**

- دوو هۆکار بۆ ئەم مەســەلەیە هەیە، یەکەمیان من زۆر حەزناکەم لەسەر

شاشـــە بەدیاركەوم، دووەمیان ئەرشیفی هونەری من لەلای كەناڵی ئاســـمانی كوردستان TV یە رەنگە من حەز بكەم لە هەندێ شوێن كارەكانـــم دابەزێنم بەڵام ئەوان پێمان نادەنـــەوە دەڵێن مافی خۆمانە نایدەین بەهیچ كەناڵێكی تر.

*** ئـــەوان كە دەڵێن مافی خۆمانە بەكەســـی تـــری نادەین بۆ هاوكاریت ناكەن لەكارەكانت؟**

- تارادەیـــەك هاوكاریان كـــردووم، بەڵام ئەوانیش ســـنوورێكی دیاریكراوی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا كەناڵی كوردستان TV لەرووی هەڵسوكەوتەوە لەزۆر كەناڵی تر باشترە.

*** تۆ سروودت گوتووە بۆ بەردەوام نەبووی لە سروود گوتن؟**

- من و ســـروود لەزوویەكەوە ئاوێتەی یەكتر ببووین، بەڵام دواتر بەهۆی كەم بایەخدان بەمن لە بواری سرود گووتن نێوانمـــان رووەو لاوازی چـــوو، بەڵام ئەوەش دەڵێـــم ســـروود گوتن شـــتێكە لەگەڵ خوێنـــم تێكەڵ بـــووەو زۆر حەزیش دەكەم بەردەوام بم لەگوتنی بەڵام بۆكێی بڵێم كەسێ نییە گوێی لێبگرێ.

*** هەر لەسەر لایەنی سروود گوتنـــەوە بەرێزتـــان لەگەڵ هونەرمەند (هاوتا ئەســـعەد) پێكەوە كارتـــان دەكرد، بەڵام دواتر ئەو نزیكبوونەوەیە وەكو خۆی نەما، خەڵك رەنگە دیدو بۆچوونی جیـــاوازی هەبێت لەم مەســـەلەیە دا، دەمانەوێت لەزاری بەرێزتان هەندێ راستی بزانین؟**

- راستیەكەی لەنێوان من و كاك هاوتا ئەســـعەد هیچ شتێكی وانەبووە كە خەڵك دیدو بۆچوونی خراپی لەسەر هەبێت، ئەو كاتەی كە پێكەوە كارمان دەكرد من وەكو باوكێك ســـەیری (هاوتا)م دەكرد ســـەرەتاش ئێمە كە لە كوردستانی رۆژئاواوە هاتینە ئێرە واپێویست بوو كە ئێمە هەڵســـوكەوتی لەگەڵ بكەین، ئەو بەراســـتی مرۆڤێكی راستگۆو پاك و خاوەن توانایەكی باشـــە دەنگێكی زۆر هەستیاری هەیە، ئێمە بۆیەك جاریش شتێكی هەڵەمان لێ بەدی نەكرد، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتـــی ئێمە هەندێك كەس هەن هەردەم بیر لەكاری نارێك و نابەجێ دەكەنەوە لێرەشـــەوە دەڵێم ئەو كەســـەی كە ئەو جۆرە قسانە دەكات باناگای لەماڵ و خێزانی خۆی بێت ئەو كات قســـە لەســـەر خەڵك بكات، ئەو لێك دووركەوتنەوەی نێوانمان هەندێ كێشەی مادی بوو كە زۆر بەخۆشـــیش كۆتایمان پێهێناوە ونەبێت بە ناخۆشی ئێمە لێك جیابیینەوە لەكارەكاندا.

*** لەداهاتـــوودا بڕیار نییە كارێكی تـــر بەهاوبەش لەگەڵ كاك (هاوتا ئەســـعەد ) بكەنەوە، هەم بـــۆ وەڵامدانەوەیەكی خەڵك وە هەم بۆزیاتر پتەو بوونی پەیوەندی نێوانتان؟**

- ئەگـــەر بكرێت حەز دەكەم پێكەوە كاربكەین و شـــتێكی جوان پێشـــكەش بكەین بەڵام من وەكو (هـــۆزان) حەزدەكەم خۆم كار بۆ خۆم بكەم بتوانم بوونی خۆم بســـەلمێنم لـــە نێو گۆڕەپانی هونەری كوردیدا.



*** چ شتێك لە هونەرمەند (هاوتا ئەسعەد)وە فێربووی؟**

- ئەگەر باس لەبواری هونەری بكەم (هاوتا) بە مامۆستایەكی خۆمی دەزانم، چونكە بەراســـتی لە رووی هونەرییەوە زۆر شـــتی لێوە فێربووم لە رووی ســـروود و لـــە رووی لاوك و گۆرانییەوە، و جیا لە بواری هونەری فێری راســـتگۆیی بـــووم و فێر بووم چۆن بتوانم رەوشـــت و كەســـایەتی خۆم بپارێزم بۆیە لێرەشەوە دەڵێم رێزو ســـڵاوی تایبەتم بۆ بەڕێزیان هەیەو هیچ كاتێك بچوكترین كێشـــە نییە لەنێوانماندا.

*** تا چەند لەگەنجەكانی ئێســـتا لە بواری هونەری رازیت و چ گلەییت لێیان هەیە؟**

- بۆ رازی بوونم لێیان دەتوانم دەست خۆشیان لێ بكەم، چونكە كۆمەڵە كارێكـــی جوانیان كردووە بەڵام هەڵبەتە كەم و كوڕیش هەیە، من گلەیـــی ئەوەم هەیە لێیان كەوا لە كلیپەكاندا بەمجۆرە ســـووكایەتی بەئافرەت نەكرێـــت و هەوڵیش بدرێت بایەخ بـــە رەســـەنایەتی بدرێت، چونكە ئێمە بە رەســـەنایەتییەوە جوانین.

*** هاوكاریكردنی ئافرەتانی هونەرمەند لەلایـــەن هەندێ كەســـەوە تـــۆ دەیخەیتە چ قالبێكەوە؟**

- من دەڵێم یارمەتی دانیان زۆر پێویستە، بەڵام حەز دەكەم بزانین هیچ هاوكاری كردنێك بێ بەرامبەر نییە، چونكە كەســـانێك هەر كاتێك یارمەتی كەســـێك بدەن بە ئەركی خۆیانی نازانن، بەڵكو وەكو ئەوە وایە قەرز بێت لەسەر هونەرمەندەكان، ئافرەت لە وڵاتی ئێمە زۆر ناســـكە بەتایبەتی ئافرەتـــی هونەرمەند لێرەوە دەڵێم پێویســـتە هونەرمەندانی ئافرەت بتوانن كاری هونەری ئەنجام بـــدەن، با بەماوەیەكی زۆر بەرهەمێك دەربچێت، بەڵام با هەوڵبدرێت كەسایەتی پارێزراوبێت.

*** چۆن دەڕوانیتە هونەر لەو وڵاتە؟**

- دونیای هونەر دونیایەكی پڕە لە راســـتگۆیی و شـــەفافیەت پڕە لەشتی جوان، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی خۆمان بەچاوێكی زۆر سووك سەیری هونەرو هونەرمەندان دەكەن، هەردەم بەچاوێكی پڕ لە خراپـــە و خراپەكاری دەڕوانرێتە هونەرمەندان، كاتێك لە وڵاتێك بەو جۆرە بڕوانرێتە هونەر هونەرمەندان، چۆن دەتوانرێت پێناسەی هونەر و هونەرمەندان بكرێت لـــەو وڵاتە، تەنها دەڵێم هونەر لەم وڵاتە پڕە لە درۆو فرت و فێڵ.

*** كەواتـــە لێرەدا تـــۆ بەمجۆرە دەڕوانیتە هونـــەر لەم پارچەی كوردســـتان، ئەی پێت وایە جیاوازی هەبێت لە نێوان كوردســـتانی باشوور لە كوردستانی رۆژئاوا (سوریا)؟**

ئەگـــەر باس لە هونەرمەند بكەم لە كوردســـتانی رۆژئاوا بەبێ موجامەلـــە لە هەر ماڵێك لەوێ كەســـێكی دەنگ بێژی تێدا بێت وەكو ئەوە وایە كە دكتۆرێك یان ئەندازیارێك یان پارێزەرێك لەو ماڵەدا هەیە زۆر رێزیشی لێ دەگیرێت، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی بێم بۆ

**ئۆتۆمبیلی ماڵەوەم فرۆشت بۆ تەواوكردنی بەرهەمە نوێیەكەم**

**من و سروود لەزووەوە ئاوێتەی یەكتر بووین**

**هاوتا ئەسعەد مرۆڤێكی راستگۆو پاك و خاوەن توانایەكی هونەری بەرزە**

## دۆمینیك حــۆرانی:

# رۆڵی هونەرمەندان گرنگترە لە رۆڵی هەندێك لە سیاسەتمەدارانی لوبنان



**دۆمینیك حۆرانی یەکێکە لەو ئافرەتە گۆرانیبێژە لوبنانیانەی کە بە هۆی گۆرانی و کلیپەکانییەوە توانیویەتی سەرنجی هەموو لایەك بۆ خۆی رابکێشــێت، زۆر جاریش بەوە تاوانبار دەکرێت کە پشــت بە وروژاندن و خۆ رووتکردنەوە دەبەستێت لە کلیپەکانیدا بۆ ئەوەی جەماوەری گۆرانییەکانی زیاتر بێت، ماوەیەك بەر لە ئێستا ژیانی هاوسەری لەگەڵ دەوڵەمەندێك پێکهێنا و ئاهەنگێکی بێ وێنەیان بەو بۆنەیەوە ساز کرد و ئێستاش چاوەڕێی ئەو دەکات ببێت بە دایك، لە پەیوەندییەکدا چەند پرسیــارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

دیمانە / خەلیل بلەیی
xalil2001@yahoo.com

کوردستانی باشوور گوتم مادامەکی لە کوردستانی رۆژئاوا کە پارچەیەکی ژێر دەســـتە بەمجۆرە رێز لە هونەر و هونەرمەندان بگرن ئەوا دەبێت لە کوردستانی باشوور دەبێت چەندە هونەرمەند بە قەدر و قیمەت بێت لە ناو خەڵك و لە ناو دەسەلات، سەرەتا وابوو، بەڵام ئێســـتا پێچەوانە بۆتەوە تەنیا لـــە ناو خەڵك رێز لـــە حورمەتی هونەرمەند دەگیرێت ئەویـــش دەتوانم بڵێم زیاتر ئەوانـــەی کە بارودۆخی ماددییان باشـــە، ئەگینا ئەوانەی تر هیچ.

*** گەر بارودۆخی هونەر بە گشتی و بارودۆخی تۆ بەمجۆرە بڕوات ناگەڕێیتەوە بۆ کوردستانی رۆژئاوا (سوریا)؟**

- نەك هەر سوریا، بەڵکو دەڵێم هەر وڵاتێکی تر وەرم بگرێت تەنانەت ئیســـرائیلیش بێت من ئامادەم ئیتر جێ بهێڵم، چونکە من هەموو شتێکی خۆم (دایك، باوك، ماڵ)، لەسەر ئێرە دانا، بەڵام کە چی ئێســـتا تەنانەت کەســـێك لە حاڵ و بارودۆخمان ناپرسێت تەنیا بەڵێن دەدەن و جێبەجێی ناکەن.

*** با هەندێك تیشـــك بخەینە ســـەر بەرهەمەکەت چەندە گۆڕانکاریت کردووە لە شێوازی کارکردنی دا؟**

- بۆ مەسەلەی گۆڕانکاری گەر گوێبیستی بیت، هەست دەکەین کە کۆمەڵە شـــتێکی نوێ کاری لەسەر کراوە، چ وەکو ئاواز چ وەکو هۆنراوە، چونکە لەم سیدییەمدا هەوڵمداوە هونەری پارچەکانی تری کوردســـتانیش تێکەڵی هونەری ئەم پارچەیە بکەم لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵم داوە کارەکان بە جۆرێك ئەنجام بدەم، کە خەڵك گوێ بیستی دەبن بە ئاسانی بچێتە دڵیانەوە.

*** ســـالار پەروەری هاوسەرت چ رۆڵێکی هەبووە لە ژیانی هونەریت؟**

- (سالار پەروەر) لەگەڵ ئەوەی کە هاوسەرمە، مرۆڤێك بووە حەقە من بە پاڵەوانی ژیانی خۆمی دابنێم، چونکە لەسەرەتای بۆیـــەك بوونمان توانی بۆ بنەماڵەی من و بۆ بنەماڵەی خۆی بســـەلمێنێت، کە هونەر ئەو شـــتە نییە کە خەڵـــك بە خراپی بیروڕای لەسەر دەدەن، و توانی تێیان بگەیەنێت کە هونەرمەند بەتایبەتی ئافرەت جڵەوی رەوشت و کەسایەتی لە دەست خۆی و هاوســـەرەکەی دایە، بۆیە من سوپاسێکی بێ پایانی بەرێز (ســـالار پەروەری)ی هاوسەرم دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هونەرمەندە بەڵام ئـــەو هونەرەکەی خۆی کردە قوربانی تەنیا لە رێگەی ئەوەی من بتوانم سەرکەوتوو بم، لەگەڵ (سالار) دا دەتوانم باسی (عوسمان)ی برام بکەم کە سەرەتای هاتنمان بۆ کوردســـتانی باشوور لەگەڵمان بوو، ئەو ژەنیاری سازبوو، بەڵام دواتر ئێرەی جێ هێشـــت ئەگەر لەم بەرهەمەشدا باسی (سالار) بکەم ئەو دەورێکی ســـەرەکی هەبوو لەم بەرهەمەمدا، چونکە بەشـــی زۆری کارەکان ئەو کردی لەرووی پەیداکردنی ئاواز و هۆنراوەکان هەروەها سەرپەرشـــتیاری هونەری بەرهەمەکەم بوو بۆیـــە دەتوانم بڵێم گەر لە ژیانی (هۆزان)دا (ســـالار پەروەر) نەبوایە ئەوا (هۆزان) نەدەبووە ئەو(هۆزان)ەی کە ئێستا هەیە.

*** پەیامی (هۆزان) لەهونەردا چییە؟**

- پەیامی من گەیاندنی واقعیەتی مانای هونەرە بە خەڵك دەمەوێت لە هونەرەکەمدا ئەوە بڵێم کە هونەر مانای راستگۆیی مانای شـــتی راســـت و جوان و مانای ژیانێکی خۆبەخشییە دەمەوێت بڵێم هونەر جوانە گەر ئێمە ناشرینی نەکەین.

**●●● با هونەرمەندە لاوەکان لەکلیپەکانیاندا بەم جۆرە سووکایەتی بە ئافرەت نەکەن ●●●**

**●●● هونەر جوانە ئەگەر ئێمە ناشیرنی نەکەین ●●●**

*** ماوەیەکە لوبنان بە بارێکی ناهەمواردا تێدەپەڕێ، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییە بەیروت، تۆ هەڵوێستت چی بوو بەرامبەر بەم ڕووداوانە؟**

- هونەرمەند بۆ خۆی مرۆڤێکی هەست ناسك و ئاشتیخوازە لە هەمان کاتدا لەنێو خەڵکدا ناسراوە و دەکرێ سوود لە ناوبانگی وەربگیرێ بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان ئاشتیخواز بن، بۆیە من پێموایە ڕۆڵی هونەرمەند گرنگترە لە ڕۆڵی هەندێك لە سیاسەتمەداران لە لوبنان.

*** تۆ چیت کرد بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لوبنان؟**

- من چەند ئاهەنگێکم ساز کرد لە مۆناکۆ بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی دۆستانی لوبنان کە داهاتەکەی بۆ منداڵە بێ سەرپەرشت و کەم درامەتەکانی لوبنان بوو.

*** ماوەیەکە هەست دەکرێ کە تۆ بەشداری لە چالاکی هونەری و کۆمەڵایەتی جیاجیادا دەکەیت هۆکاری ئەم بەشداری کردنە چییە؟**

- دوای ئەوەی شووم کرد سەردانی چەند وڵاتێکی ئەورووپیم کرد، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساندم بۆ ئەوەی بەشداری لە چەندین چالاکی هونەری و کۆمەڵایەتی جیهانیدا بکەم.

*** تۆ میوانی بەرنامەی ( عێراق ستار) بووی کە دوو هونەرمەندی کوردیش بەشدار بوون (دڵنیا و ئالان )، ڕات چی بوو بەرامبەر بە ئاستی ئەم دوو هونەرمەندە کوردە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من زۆر حەزم دەکرد دڵنیا لە پێشبڕکێیەکەدا سەرکەوێت، چونکە خاوەن تایبەتمەندییەکی زۆرە لە ئەدای گۆرانی گوتن، هەروەهاخاوەن دەنگێکی خەیاڵییە.

*** ئایا ئەلبوومە نوێیەکەت سەرکەوتنی بەدەستهێنا؟**

- هەندێك لە گۆرانییەکانی ئەلبوومە نوێیەکەم بە خێراییەکی زۆر (هەفتەیەك دوای بڵاوبوونەوەی ) کران بە مۆسیقای مۆبایلەکان لەوانەش گۆرانی (شلتاکۆ ) گۆرانییەکە بە زمانی هیندی و زمانی کەنداوی بۆیە لە وڵاتانی کەنداو سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا.

*** زۆر جار لە لایەن هەندێك کەس بەوە تاوانبار دەکرێی کە پشت بە خۆ ڕووت کردنەوە دەبەستی بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنی، تۆ چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەیتەوە؟**

- سەرکەوتنی گۆرانییەکانم و بڵاوبوونەوەیان و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە زۆربەی ڕادیۆکانی وڵاتانی عەرەبی، بەڵگەی ئەوەن کە من پشت بە جوانی خۆم و خۆ ڕووت کردنەوە نابەستم بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

*** بڕوات بە پەیوەندیی هاوڕێیەتی نێوان هونەرمەندان هەیە؟**

- من زۆر بڕوام بە هاوڕێیەتی و پەیوەندی نێوان هونەرمەندان هەبوو، تا ئەو کاتەی کچە هونەرمەندێك ویستی ناوم بشێوێنێت هەرچەندە من بە هەموو شێوەیەك هاوکاریشم کردبوو.

*** لە هونەرمەندان پەیوەندیت لەگەڵ کامیان زۆرتر هەیە؟**

- ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ هونەرمەندان و پەیوەندی زۆر باشم لەگەڵ زۆریان هەیە، بەڵام نامەوێ ناوی کەسیان بهێنم بۆ ئەوەی کەسیان لێم زویر نەبن.

*** ئەلبومە نوێیەکەت چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کارەکانی پێشووت؟**

- ئەلبوومە نوێیەکەم ڕەنگاورەنگە تێکەڵێکە لە شێوەزاری سوری و عێراقی کە وەك دیاری پێشکەشی گەلی عێراقم کردووە، هەروەها گۆرانی تێدایە بە شێوەزاری لوبنانی و میسری و کەنداوی.

*** بەر لە گۆرانی گوتن ئارەزووی چیت هەبوو؟**

- من حەزم دەکرد لە بواری یارییەکانی سێرك کار بکەم بۆ ئەوەی خۆشی و زەردەخەنە بخەمە سەر لێوی خەڵك.

*** هیچ پرۆژەی دۆیتۆ لە ئارادا نییە؟**

- بەڵێ پرۆژەیەکی دۆیتۆ لە ئارادایە، بەڵام من حەز دەکەم سەرەتا لە گۆرانی تایبەتدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم ئینجا بیر لە جێبەجێکردن و بەشداری کردن لە پرۆژەیەکەی لەم شێوەیەدا بکەم .

*** ئەی کاری نواندن بیری لێ ناکەیتەوە؟**

- لەوانەیە بیر لە کاری نواندن بکەمەوە، بەڵام ئێستا تەنیا بیر لە گۆرانی گوتن دەکەمەوە.

*** هیچ لێك نزیکبوونەوەیەك هەیە لەنێوان گەلی کورد و گەلی لوبنان؟**

- بەڵێ لێك نزیکبوونێك هەیە،چونکە جۆری بیر کردنەوە گەلی لوبنانی و گەلی کوردی زۆر لێك نزیکە، من خۆم پەیوەندیم لەگەڵ کوڕە کوردێك هەبوو و بە نیازی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی بووین، هەروەها ئیبراهیم تاتلیساس یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە من زۆر حەز لە دەنگیان دەکەم.

*** جگە لە گۆرانی گوتن حەزت لە چی ترە؟**

- حەزم لە خوێندنەوە و مەلەوانی و سواری ئەسپ هەیە، هەروەها زۆر حەز لە خواردنی مەغریبی دەکەم.

*** دەتەوێ چی بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان بڵێیت؟**

- دەمەوێ بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان بڵێیم هەول بدەن بۆ ئەوەی خەونەکانتان بهێننە دی.



●●●
**پەیوەندیم لەگەڵ کوڕە کوردێک هەبوو و بە نیازی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی بووین**
●●●

●●●
**ئەلبوومە نوێیەکەم ڕەنگاورەنگە تێکەڵەیەک لە شێوەزاری سوری و عێراقی وەک دیاری پێشکەشی گەلی عێراقم کردووە**
●●●